
## ئەی نیشتمان بێ ئامێزی گەرموگوڕت گەنگە ژیان. . خاڵەحەمە



کام نیشتمان لەکوردستان
شیرینترە
بۆویێڵتان کرد؟!!
چی لەشیری پاکی دایکان
خاوێنترە
بۆ لێڵتان کرد؟!!
چی لەئاوازی لایلایەی
نیوەشەوێکی پایزان
بەسۆزترە
بۆکڕتان کرد؟!!
چی لە شەماڵی هاوینی
ژێر دەواری ئەوگەرمیانە
فێنکترە
بۆشڕتان کرد!!
چی لە عەشقی هەژارانی
شارو لادێ
گەورەترە
بۆقڕتان کرد؟!!
چی لە چرپەی ناو زیندانی
داگیرکاران
تورەترە
بۆسڕتان کرد؟!!
چی لەخەوی ئازادیخوای
کوردی کڵۆڵ
بەرینترە
بۆزڕتان کرد؟!!
هەبن نەبن پرسیارەکان!!
ئەی نیشتمان
بێ ئامێزی گەرموگوڕت
گەنگەژیان. .
مەرگەساتە هەناسەدان
تفتە، تاڵە
خۆراک و نان. .
ئەی نیشتمان
هەرکەس نرخی تۆ نەزانێ
ئەو پرسیارانەی لاوونە

خۆی زۆڵێکی بێ ئامانی
بەرقاپییەکانی دووژمنە
پێنازانی
نرخی خاک و
نرخی داڵک و
نرخی باوک و
نرخی مناڵ..
هەرگیز بەسۆزی لایلایە
دڵی بەردی
ڕاناچڵەکێ..
لەخەزان و پایزێکی درەنگ وەختیش
سەردەرناکات.
بەگەرمیان و بەکوێستانی
وولاتەکەی
خۆی نامۆیە!
عەشق و هەژاری لاشەرمە
سەری خوارو
شانی خوارو
دەمی گەرمە..
لە ڕووی ئێمەو ئازادیا
چاوەکانی کوتوکوێرە
بەسەربەخۆیی هەڵنایە..
ڤایرۆسێکی هێجگار هارە
شیرپەنجەیە
بێ دەوایە
مەرگ نەبێ دوایی نایە
دوایی نایە..
(.*.) (.*.) (.*.) (.*.) (.*.) (.*.) (.*.) (.*.) (.*.)

خاڵەحەمە/دانمارک/2005/10/30